

# چیرۆکەڵە

حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەت بە چیرۆکی کارگەییە؛نها.

**ژمارە٢٠ـ ٤ی جۆزەردان ٢٧١٨**

**چیرۆکنووسانی ئەم ژمارەیە:**

جێگر بەختیار
هیوا بەیرامی
موحسین سوبحانی
ناسر فەتحی
شەرمین ساڵحی
کوردستان حاجبی

**بەتامی چیرۆک:**

لاپەڕە ٢٠...

**وێنەی ڕووبەرگ:**

موحسین جەلالی

**ئامادەکاران:**

ئەمیر سیراجەدین
ناسر فەتحی

| RAWEZHISM

# چیرۆکەڵە

**حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەت بە چیرۆکی کارگەییە؛ نها.**

- چیرۆکی کارگەیی
- بەتامی چیرۆک


- ئامادەکاران:

ئەمیر سیراجەدین
ناسر فەتحی


٤ی جۆزەردان ٢٧١٨

ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی؛ لاپەڕەی هونەری و ئەدەبی ڕاوێژیسم

## «گۆڕ»

سەر چۆکەکانی لە سەر زەوی چەقاندبوو، بە هەردووک دەستی خۆڵی لە ناو قەبرەکە دەکرد و هاواری دەکرد(لێرە مەی نێژن ن ن ن ن! ) خەڵکەکە سەیرییان دەکرد، هەریەکەمان دەیان پرسیاری بۆ دروست ببوو.

ماموستایەکی ئاینی کە بۆ تەڵقین دان هاتبوو، دەستی کردبووە ملی هەوڵی دەدا هێوری بکاتەوە.

- کورم هەموو کەسێک دەمرێت، ئەمرۆ باوکی تۆ مرد سبەی ئێمەش دەمرین، وا لە خۆت مەکە.

سەری سوڕاند و خۆی ڕاتەکاند و دەستی ماموستاکە لە سەر ملی ترازا، ڕووی لە خەڵکەکە کرد.

- ئێوە نازانن ئەم پیاوە کێیە! تەنیا من دەزانم. لێرە مەی نێژن. ئەم خاکە لە خۆی ناگرێت، ئەم گۆڕە فڕێی دەداتە دەرەوە، لە تەنیشت دایکم مەی نێژن. چۆن دەتوانن بکوژی دایکم لە تەنیشت گۆڕەکەی دایکم بنێژن؟

تەرمەکەی بە ڕووبار دابدەن، یان لەسەر لوتکەی چیایەک بەجێی بێڵن، تاکو قەلە ڕەشەکان بیخۆن. گەر لێرە بینێژن هەورە بروسکە گۆڕەکەی هەڵ دەتەکێنێت، بوڕکانەکانی ژێر زەوی پێ دا دەڕشێنەوە، کرم و مشک و بەکتریاکان ئەم گۆرستانە بەجێ دەهێڵن، بۆ هەتا هەتایی بێز لە لاشەی مردووەکان دەکەنەوە. ئێسکە پەیکەری ناو ئەم گۆڕانەی دەور و بەری لە گۆڕەکەیان دەردێن و وەک داهۆڵ لە دەوری خۆیان دەسوڕێنەوە و ناڕەزایەتی دەر دەبڕن.

لە پڕ یەکێک قسەکانی پێ بڕی،

- بێدەنگ بە!

برا گەورەکەی بوو، لێی هاتە پێش و زللەیەکی لێ دا.

لە کاتێک دا بە دەستی فرمێسکەکانی خۆی دەسڕییەوە، ڕووی لە برایەکەی کرد.

- بێدەنگ نابم، گەر تۆش بێدەنگ بیت من بێدەنگ نابم! تۆ بۆ بێدەنگ دەبیت؟ تۆش نەت بینی چۆن دایکمان بەدەستی ئەمانە کوژرا؟ چۆن ڕێگە دەدەیت لە تەنیشت گۆڕەکەی دایکم ئەم پیاوە بینێژن.

دایکم بە هۆی نەخۆشی دڵەوە، کە دەرمانی بەکار دەهێنا، ئەو پیاوە، کە باوکمانە و تەرمەکەی لەبەر دەمانە، لەگەڵ زڕ دایکمان بەیەکەوە پیلانیان گێڕا بۆ کوشتنی دایکمان.

ئەو ڕۆژەی کە دایکم تەندروستی تێکچوو، ژوور بە ژووری ماڵەکە بە دوای دەرمانەکانی دا دەگەڕا ، ئێمەش وەک بەچکەی مراوی کە بە دوای دایکیانەوەن، بەدوای دایکمانەوە بووین. چەند ڕۆژێکی

پێشتر هەردووکمان بینیمان کە باوکمان دەرمانەکانی بە زڕ دایکمان دا، کەچی کاتێک کە دایکم بە دوای دەرمانەکانی دا دەگەڕا، دەیان گوت: نەمان بینیوە.

دوای گەڕانێکی زۆر دایکمان تەندروستی زیاتر تێکچوو و لە ژووری نوستن کەوتە سەر زەوی. ئێمە کە بە سەر تەرمەکەی دا شۆڕ ببووینەوە و دەگریاین، کیسەی دەرمانەکانمان لە ژێر کانتۆرەکە دا بینی. بە خێرایی دەرمانەکانمان دەرهێنا و پێمان دا، بەڵام جارێکی تر دایکمان هەڵنەستایەوە.

◆ جێگر بەختیار



Younes jolfaie azar

## «ملدان»

- ئەوە چییەتی دیسان؟

- وا دەڵێ دیسان دەڵێی ساڵ دوازدەی مانگە نەخۆشە! نەخۆشە نەخۆش! چۆن چییەتی!؟

- نەخۆشی چی؟ لە من ساغ ترە! خەتای تۆیە؛ تۆ ئەو منداڵانە نەخۆش دەخەی! دەنا عەلەم و دەردیان لێ نییە! ناوێرن بڵێن وەی، هێندەیان بە دمەوە دەدەی، خۆیان دێننە حاڵی جا!

- ئەرێ هەی بەراز! ئەو منداڵە نەخۆشە! کوێری نابینی دەڵێی ئاورە داییسێ!

- هێچی نییە! داخوڵا لە دەرێ چووەتە زگ بێستانی کێ، ڕەپێیان ناوە، گەرم داهاتووە!

- بێستانی چی و شتی چی؟ جا ئێستا کوا بێستان؟! شێت بووی! ئەو منداڵە فەقیرە ڕۆژگاری ئەورۆ یەک دەقە نەچووەتە دەرێ! تۆ هەر وای! بێ ڕوحمی! دار و بەردی! بشمرین باوەڕمان پێ ناکەی! نەوەڵا ئەو کوڕە فەقیرە هەر دەڵێی لە تۆش نەبووە! هەمیشە فەڕقووجودایی پێ دەکەی! نازانم بۆ ئەوەندەت ڕق لەو ماڵوێرانەیە! کوێربی نەیبینی!

- ڕقی چیم لێیەتی! خۆ ڕەقیبم نییە! ئەئلەو سەلکە بەربۆتەوە! ڕقت لێیەتی! گووی وا دەخوا! ڕقی گونم؟! هەروەنازانم هەشە!

- ناڵێم! تۆ بەشەر نی! چوویەتەوە سەر دایک و باوکە ساردووسڕەکەی خۆت!

- زۆری لێ مەڵێ باشە! بینێرە حەمام! هاتە دەرێ قاپێکی توێکشین پێ بدە وەخۆ دەکەوێتەوە!

- بینێرە! جا بۆ دەتوانێ لە جێی خۆی بجووڵێ؟! بۆ ئاوی پێ دەخورێتەوە توێکشینی بدەمێ؟

- ئێستا ئەو محاکەمەیە چییە بە منی دەکەی! بەو قورعانەی لە سەر و قوونی حاڵی نیم، تۆش هەر ئاوا لەو منداڵانە حاڵیی! ئەوانە شەیتانی بنی شەیتانن، بەقەستی خۆیان دەمرێنن! هەستە واوەرە کارت پێی نەبێ بۆخۆی وەڕەز دەبێ قیت دەبێتەوە!

- باشە باش! تۆ کارت پێ نەبێ! شەوە دەنا بۆخۆم دەمبرد بۆ دوکتوور! خودا بکەم ئەوشۆ ئەو منداڵە هیچی لێ نەیە، بەیانی بەکۆڵیش بووبێ دەیبەمە دوکتوور! دایکەکەت کوێر بێ، داخودا چەن منداڵی ئاوا بەستەزمان بەشەو نەیانوێراوە بیانبەن بۆ دوکتوور م... خودایەگیان تۆبە گووم خوارد! موو لە زمانم بێ! ئیشەڵڵا هیچ نابێ!

- ئەگەر بەیانی بردتە دوکتوور لەبیرت نەچێ تەلیسە پووڵەکەم لە بن میچی مستەڕادا شاردووەتەوە!

- ئەرێ وەڵا قوونت زۆر خاوێنە...

دایکم هەرچی بەسەر زمانی داهات بە بابمی گوت؛ جنێو و قسەی سووک نەما پێی نەڵێ.

بابیشم وەک هەموو ئەو جارانەی کە دەرەقەتی ڕاستی نەدەهات، بەقەستی بڕێک پێکەنی و، چوو بۆخۆی جێگاکەی ڕاخست و لێ خەوت!

مەسعوودیش لەبن سەری من، هەتا بەیانی هەر تاو نا تاوێک ناڵاندی و دایکمی بۆ بەردەوامبوون لەسەر شێلانەکەی وەئاگا هێنا و دیسان بێدەنگ بووەوە!

بەیانی زوو، دوای ئەوەی بابم چوو بۆ مەیدانی کار، لە دڵی خۆمدا گوتم: "با بچم بزانم ئەوجارەش بابم باڵنجەکەی تەڕکردووە!؟"

◆ ناسر فەتحی



Ebrahim Saeedi

# «ڕێبوار»

تەمەنی لە دەوری شازدە بۆ حەفدە ساڵان دەبوو. ئێستا جوان مووی لێ نەهاتبوو، پێستی دەموچاوی دەتکوت بەفروخوێنە، باڵای ئەوەندەی دەست هەڵبێنی کەڵەگەت بوو. هەرچی لێیم دەڕوانی بۆم جێبەجێ نەدەبوو بۆ تووشی بە تووشی ئێرە بووە.

شەوانە لە کاتژمێر دە ڕا چرا دەکوژانەوە و تەنیا چرای ڕێڕەویان نەدەکوژاندەوە. ئەو شەوە کاتژمێر لە یازدە لای‌دابوو. لە ڕێڕەو دانیشتبووم و ڕۆمانی "ماڵاوایی لە چەک"ی ئێرنێست هەمینگوێیم دەخوێندەوە. کاترین و فرێدرِیک لە میلان لە نەخۆشخانە بوون. گەرمی خوێندنەوە بووم کە هاتە لام دانیشت. سڵاوی کرد. کاترین و فرێدریکم هەر لەوێ بەجێ هێشت. سڵاوم ستاندەوە و ڕاوەستام بۆخۆی دەست پێ بکات. دەی‌ویست جۆرێک سەری قسان بکاتەوە. بە قسە و شۆخی و شەڕە جنێو و شەڕە دندووکەی بە ڕۆژ لەگەڵ خەڵکی دەی‌کرد دەم‌کوت زۆر ڕووهەڵماڵاوە و تەواو چەقەسرۆ بووە. نەی دەزانی چۆن دەستپێ‌بکات و هەر پرتەپرتی بوو. دەیکوت ئەتۆ و بنەماڵەکەت لەبەرچاوم ئاشنان و دەتان‌شوبهێنم، دەڵەی زۆرم دیوی. بەڵام وانەبوو. من خەڵکی شارێک و ئەو و بنەماڵەکەشی دانیشتووی شارێکی دیکەی دەوروبەر بوون کە ڕەنگە چوار پێنج ساڵ جارێکیش نە خۆم و نە بنەماڵەکەشمان ڕێمان دەو شارە نەکەوتبا و تەنانەت تاقە دۆستێکیشمان لەوێ نەبوو. سەری قسانم بۆ گرت و پرسیارم لێ کرد:

_ تەمەنت چەندە؟

_ حەفدە ساڵم.

_ لەمێژە لێرەی؟ بۆ تووشی ئێرە بوو؟

_ ئەوە سێ جار. لە دوازدەوە لێرانەدا دەسوورِێمەوە. ئەی چۆن. ئەرێ ماڵتان لە شەقامی...

_ نا بەقوربان، نەک هەر لەو شەقامە، لەو شارەش نەبووم. ئەی دایکت، بابت، ئەوان لە کوێن.

_ حەح بابم! هەتا مانگێک لەمەوبەر ئەویش لێرە بوو. تازە ڕۆیشتووەتەوە. ئەو ڕۆژە دایکمت نەدی هاتبووە سەردانم؟ خۆ دوو میترمان دەگەڵ ئێوە نێوان نەبوو. هەی ماڵت نەشێوێ هەی هەر دەڵەی لەو دنیایەش‌دا نی. ئەی ئەتۆ بۆ لێرەی ها؟ ئەوە چیە هەر سەرت دەوانە دایە؟ دادەی بزانم چییە؟

کتێبەکەی لە دەستی ستاندم و سەروژووری کرد و لێی خورد بۆوە. تێی ڕامام. کوڕێکی جوان چاک بوو. لەو کەم‌تەمەنترم لێرە نەدیتبوو. لەگەڵ کەسانێک شەڕەچەقە و جەفەنگی دەکرد کە تەمەنیان لە خۆی زۆر زیاتر بوو. جار جار دەم‌دیت لە سووچێکی حەوشە، لەسەر

سەکۆ، دادەنیشت و هەردووک ئەژنۆی لە باوەش دەگرت و بێهەست چاوی لە بەرامبەری دەبڕی. بە قسەی سەعیدە ڕەش زۆر قەڵس بوو. دەمدیت سەعید جارجارە دەچووە دەبنی و سرتەیەکی دەگەڵ دەکرد و ئەویش دەرهەڵدەبوو و جنێوی دەدا. ئەو چەند ڕۆژەی ئاخری دەمدیت کە سەعیت دەچووە بنی و دەیدواند ئیدی جنێوی نەدەدا، بەڵام بە ڕەنگی دیاربوو قسەکانی بەدڵ نییە.

سەعید یەکی کورتەباڵای ڕەقەڵەی ڕیشن بوو. هێندی تریاک و جگەرە کێشابوو سمێلی زەردزەرد هەڵگەڕابوو. لە قسەی قۆڕ و کاری بەدفەر کەس تای نەدەکرد. هەمیشەی خودای کەوا و پاتۆڵێکی خاکی دەبەردابوو. کەواوپاتۆڵەکەی هێندی چڵکوچەپەر گرتبوو ڕەنگی مەیلەو ڕەش دەچوو. وەک دەیانکوت لەمێژبوو جێگای ئێرە بوو و ئەوشەوەش دوور و نزیکی ئێمە دانیشتبوو و چەند کەسێکی لەدەوری خۆی خڕ کردبۆوە و قەشمەری دەکرد و جارجارەش چاوێکی لە ئێمە دەکرد.

_ باشە ئەوانە چیین ڕۆژ تا ئێوارێ سەرت تێیان دایە؟ ماندوو نابی؟ ماڵت نەشێوێ چاوت کوێر دەبێ.

_ لە خەو و بێکارێ چاترە و شتێکیشی لێ فێر دەبێ.

_ دا بڵێ بزانم چی لێ فێربووی؟

لەو قسانەدابووین و منیش بە نەرمی دەمدواند و جوابم دەداوە. کتێبەکەی هەر بە دەستەوە بوو. سەرم هەڵهێنا و دیتم سەعید بۆ لامان دێت و سوورەخەنەیەکیشی لەسەر لێوییە.

_ بەە بەە جەنابی میرزای. بابە گیان جارێکیش ئەمن میوان کە و دوو قسەی قەڵەمی بکە.

بزەیەکم بۆ کرد و هیچم نەکوت. هاتە بن گوێی ڕێبواری:

_ بۆ کوێ دەچێ، ئاخری دەبێ شەوێکی میوانم بی کوڕی جوان. دوو سبەی دیسان دایکت دێتەوە سەردانت ئەمنیش بێم؟

◆ هیوا بەیرامی




Roozbeh Sohani

## «ئاو و ئاگر»

نامەیەکی کورتم بۆ دووان لە هاوڕێکانم نووسی و کوتم زوو وڵامم بدەنەوە. سەیرم کرد یەکیان چەند هێیەکی بە مانای پێکەنین لە پشت یەک ڕیز کردووە و نووسیویەتی: بڕۆۆۆۆ بزانم... ڕۆیشتمە بەر ئاوێنەکە و بڕێک قژم داهێنا و بە گیرەیەک کۆمکردەوە. شتوومەکەکانم کۆ کردەوە و دەرگای کۆمێدەکەم کردەوە؛ دە دەفتەرم دەرهێنا، دەفتەرەکان تایبەت بوون بە بیرەوەریەکانی دەساڵ لە ژیانم؛ خستمە نێو جانتا کۆڵییەکەم و دووبارە ڕۆشتمەوە بەر ئاوێنەکە، میداد چاوەکەم نووکی نەمابوو تا سوور بوونی چاوەکانمی پێ ڕەش بکەم، بە شوێن قەڵەمتراشەکەمدا دەخولامەوە، کە دەنگێک بە هێمنی بە ئاگای هێنامەوە:

- ئاو...باشترین هەڵبژاردە ئاوە!

زۆربەی کاتەکان لە گەڵم دەدوێ. جارێک دەڵێ هەموو شتێک لە خاکە و بۆ خاک دەگەڕێتەوە؛ جارێکیش دەڵێ سەرچاوەی ڕووناکی و ئەوین و ئاوتەکان ئاگرە و هەموو هەستە ئاگرینەگان تینی خۆیان لە ئاگر دەگرن. بۆیە زیاتر لە خاک متمانەت بە ئاگر بێت. بەڵام ئێستا پشتی لە هەموو قسەکانی پێشووی کردووە و دایم لە گوێمدا دەڵێ:

- سەرچاوە و هێمانی ژیان ئاوە و مرۆڤ و بوونەوەرەکان و تەواوی گیانداران بۆ مانەوەیان پێویستیان بە ئاوە

- ئاخر دەڵێن ئاگر، پردی پەیوەندی نێوان دنیای زیندووەکان و مردووەکانە.

- نا متمانە بە ئاگرێک مەکە کە وێران دەکات، دەسووتێنێت، لە ناو دەبات هەڵدەقرچێنێت...سەیری دەم و چاوم دەکەم.

- من دەمهەوێ ڕوومەتم هەر بەم جوانییە بمێنێتەوە.

- ئاو! تەنیا ئاو دەتوانێ ڕوومەتت وەکوو خۆی بهێڵێتەوە، لەوێ لە قولاییدا تۆیش دەتوانی وەکوو بوونەوەرە ئاویەکان، ئاو بێجووڵە و ڕەوان ببینی و بێ قرم و قاڵ و دڵەڕاوکێ دوور لە مرۆڤە دەمامکدارەکان بحەسێیتەوە. شۆفێرەکە بڕێک ئاوێنەکە دەسووڕێنە تا دەکەوێتە سەر چاوم، چاو دادەخەم؛ دایکم خەریکی سەوزە پاککردنە، جار جار سەیرێکی دکتۆرەکەی کەناڵی تەندرووستیش دەکات، باوکم بە سەر قۆڵەکانی عارەقەکەی دەسڕێت و بنی دار هەڵووژەکان دەداتەوە، دەڵێ: بەوجۆرە باشتر ئاویان پێدەگات و بەرهەمی زیاتریش دەدەن؛ لێوانە ئاوەساردەکە دەدەمە دەستی و لە بن دارەکەدا دادەنیشم؛ شۆفێرەکە ڕامدەچڵەکێنێت:

- بۆ زرێبار چوار هەزارە خاتوون.

چوار هەزاری دەدەمێ و کیفی پووڵەکەم لە سەندەڵی دواوە جێدەهێڵم. لە قەراخی زەریاچەکە ڕادەوەستم، کیفەکەم لە کۆڵ دەنێم، مۆبایلەکەم بە دەستمەوەیە، پەیامێکم بۆ دێت.

ـ دەڵێی کەس کشەی نییە تۆ نەبێ

ئەمانە هەمووی لاتەرییە، کەسێک بە تەمای جێبەجێ کردنی کارێکی وا بێت ناچێ بە کەس بڵێت، دەیکات!

ـ حەز دەکات بیڵێت...حەز دەکات نەوتراوەکانی یەکێکیتر بزانێت ئینجا بڕواتە قوڵاییەوە

ـ هەمووی فشەیە،کەسیک بگاتە قەناعەتێ کە دەبێ بمرێت، مردن باشترە بۆی؛ من ئەگەر بە ڕاستی ویستم وا بکەم لە پێشدا بە هیچ کەس ناڵێم. مۆبایلەکەم لە گیرفانی مانتۆکەم دەنێم، قاچم بەرز دەکەمەوە بۆ سەر نەردەی قەراخ زەریاچەکە. دەنگی مۆبایلەکەم دێت، قاچم دێنمە خوارەوە؛ " ـ سلاو هاوڕێ گیان، ئێستا پەیامەکەتم دیت؛

هیچ شتێک نرخی لە یەک خولەک ژیان زیاتتر نییە کە ژیانی بۆ بکەیتە قوربانی جگە لە خاک نەبێت

هەستەکان گرینگن، بەڵام بەهەست بوونی لاواز هەڵەیە؛ شێعرەکەی بۆکڤێسکیت خوێندووەتەوە؟

ئەوەی دەڵێ: (بر مردم بنا نکن) لە سەر خەڵک چێ مەکە.

تۆ ئێستا ئازاد بووی، خەیانەت و بێ بەڵێنی وەک هەلامەت وان، زوو زوو ڕوو دەدەن و زووش چاک دەبیتەوە، دەزانم لێی پیس کردووی،

هەموو ئەوانەی نەخۆش دەکەون لاواز دەبن و بیری وا دەکەنەوە، تۆ دەبێ بزانی کە ناوەندی جیهانی، تۆ نەبی جیهان بێمانایە؛ جیهان بێمانا مەکە.

ئاگات لە خۆت بێ و دڵنیابە چاک دەبیتەوە؛ ئێستا شێعرەکەی بۆکڤێسکیشت بۆ دەنێرم..."

♦ شەرمین ساڵحی



Hamed Nemani

## «ئاڵبۆم و یادەوەرییەکانم»

ئەو جلانەم زۆر جوانن، ئەوشۆ ئەوانە لەبەر دەکەم .چەندیش درەنگە با بیانپێچمەوە و برۆم .یاردەیەکی خوشکیشم بدەم .

- خوشکێ چ کارێکت هەیە؟ پێم بلێ یاردەت دەم .

-کچێ دەستت خۆش بێ لەیلا گیان .ئەتۆ دانیشە .

-پەنجا نەفەرانت میوانە .ئەمن پاڵ دەمەوە ئەتۆ کاران بکەی؟ !

-باشە لەیلا گیان، بەقوربانی دەستت بم لەحاستە خۆت ئەو نیسکەم بۆ بپژێرە .

نیسکەکەم بژارد و وەسەرم نا.کەم کەم میوانەکان دەهاتن .مەجلیسێکی خۆش بوو .سەنگەسیریان خوارد و پیاوەکان لە هاڵێ بوون و ژنەکانیش لە ژوورەکەی دیکە دانیشتبوون .دەنگە دەنگێک بوو سەیر، هەموو دوو دوو و سێ سێ قسەیان دەکرد .ڕیزێکم چا و قاپێکم تۆو بۆ ژنان برد و دانیشتم .ڕۆژانی خوشکەزام بە پێی عادەت و حەزی جارانی بە ئاڵبۆمێکەوە خۆی لە باوەشم خست.

-پووری !پووری!

-گیانی پوورێی!

-وەرە چاو لە وێنەکان بکەین .

-لاپەڕەی هەوەڵم هەڵداوە، دووهەمیم هەڵداوە، سێهەمیم هەڵداوە .ترپە ترپی دڵم، سینگمی پچڕاند .ئەو وێنانە بۆ ماون؟ لێرە چ دەکەن؟

-دەڵێم هەلاڵە، چەند خۆشە کاکم ژن بێنێ، ئێمەش براژن و برازامان هەبێ .

-هههە شێتە ئیشەڵڵا براژن و برازاشمان دەبێ و خوشکەزاشمان دەبێ .

-چاو ئەوە، وەدەزانێ خەمی خۆمە .پێم خۆشە تاقە براکەم سەر و سامان بگرێ . نەبوو هەر بۆی بە ژن دەچم .

هەموو ڕۆژێ بیرم دەکردەوە بلێی ئەو ڕۆژەی ببینم !تا ڕۆژێک...

-بابە!

-گیانە کوڕم؟

-پێشم عەیبە.

-بیلێ کوڕم.

-دەڵێم...

-دەی ڕۆڵە چییە؟

-دڵم بە کچی کاک حەمەوەیە .

-ئەی بابت بەقوربانت بێ، پیرۆزە .شەوێ دەچین بۆ داوای.

پێنج جار چوونە داوای

بابم لە دەرگای هاتە ژووری :

-ئافرەت!

-بەڵێ پیاوەکە .

-کاک حەمە داوای لەیلای کردووە بۆ کەریمی کوڕی .

-پیاوەکە کەریم تەمەنی زۆرە، ئەگە ژنی هەبا کچەکەی بەقەد لەیلای دەبوو .

-ئەوە دەڵێی چی؟ !هەزاران کچ بەقوربانی ئەو کوڕەم دەکەم .تازە کوڕمان نابێتەوە . کوڕەکەم دڵی بە کچەوەیە و بۆشی دێنم.

دەتکوت یەک توونگە سەهۆڵاویان بە سەر تەپڵە سەرم داکرد، ئەو زەمانە دەمکوت بۆ کاکم بە ژن دەچم بیرم لێ نەدەکردەوە .بەخۆم و بە هەژدە ساڵ تەمەنەوە ئەخە بۆ بۆ کابرایەکی سی و پێنج ساڵە دەبم؟

وەک گێچ سپی هەڵگەڕابووم .لەبەر خۆمەوە دەمکوت دەی دایە، هەلاڵە شتێک بڵێن، دەی پاشگەزیان کەنەوە . دڵم تۆقی، جەرگم لەت لەت بوو، چاوم لەو عالەمەی بڕیوە و زگم ڕێک دەکووشم . فایدەی نییە هەموو لە بێدەنگیدا نوقم ببوون .کەس هیچی نەدەکوت. چووینە جگای خۆمانەوە، سەرم لەبن پەتووی خست، سەرم بە هەنیسکانەوە هەڵدەقەند .وەی چەند سەختە، دەردی کچ بوون دەڵێم .

بابم بەیانێ خۆی بە ژووریٚ داکرد، وەک کێچ لە جێگەی خۆم هەڵبەزامەوە .کوتی هەلاڵە، لەیلای ساز کە .ئەوشۆ مارەکردنە .

-وەی هەلاڵە، چ بکەم؟ چۆن دەرباز بم؟ چۆن بابم ڕازی بکەم؟

-چ بکەم خوشکە جوانەکەم؟ لەتۆم پێ ناخۆشترە قسە لە قسەی ئەو کوڕپەرەستەی ناکرێ .

حەسارم ماڵی و مەڕەکانم دۆشی .شەو و بەدبەختی پێکڕا هاتن .بە زۆری و زۆرداری مارە کرام .نازانم ئەو شەوەم چۆن ڕابوارد !ئەو کوڕە بەدبەختەش وەیدەزانی زۆرم خۆش دەویٚ هەموو ڕۆژە سەر کانی لێ دەگرتم .دوو مانگ تێپەڕ بوو کاتی گوێستنەوەی هات ڕۆژ بە ڕۆژ تێک دەچووم .من لەولای بیرم لە چارەڕەشی خۆم دەکردەوە لەولاش کاکم و براژنم دنیا بەکەیفی خۆیان بوو .ساعەت شەشی بەیانیی ڕۆژی گوێستنەوە ئارایشگا هات و جوانی دەکردم، لە بنەوە هەر خۆم دەخواردەوە، جار جار خۆم بۆ ڕانەدەوەستا و فرمێسک بەسەر گۆنام دەهاتە خواریٚ و دموچاوم خرا دەبۆوە، لە تاوان قامکم وا بادابوو ڕەش و شین هەڵگەڕابوو .خوشکم و دایکم لە من خراتر دەستەوئەژنۆ دانیشتبوون و ئاخ و ئۆخیان هەڵدەکێشا .شایە دەستی پێ کرد .دەهۆڵ دەیکوتا ئەویش چ کوتانێک . میوانەکان هەڵدەپەڕین و گرمەیان لە عەرزی دێنا، گرمە گرمیان دڵمی لەت لەت دەکرد .وەی لەو کارەساتە و ئای لەو

کارەساتە .کاتی بووک گۆڕینەوەی هات .
بزە بزی براژنم لە دوور ڕا لە چاوی دەدا، خودا خودای بوو زوو دەستی کاکم بگرێ . بووکیان گۆڕیوە، من چوومە ماڵە کابرای . هێز و تاقەتم نەبوو، ئەژنۆکانم هێزیان تێدا نەمابوو، دەڵێی بە پەنجا کەسان ڕایاندەکێشامە ژوورەکەی .ئەی قورم وەسەری هەناسەی وە ڕوومەتم دەکەوت، هانکە هانکی دەگەیشتە گوێم، مەرگی خۆم بە ئاوات دەخواست .دوای سێ ساڵان دووگیان بووم .بەو بۆنەوە دڵێکم بە ژیان خۆش کرد .کچێکم بوو وەک فریشتە، ناسک و نازدار، هەر بۆیەش نێویم نا فریشتە .هیندەی پێ نەچوو بە گوێم گەیشت براژنم زاوزێ ناکە و منداڵی نابێ .کاکیشم هەمیشە دەیکوت منداڵم دەوێ، دوای من میراتم وەبەر کێ دەکەوێ!!کوتی دار بەری نەبوو دەبێ بیبڕی .

منی چارەڕەش کە تازە بەرەو خۆشی دەچووم دیسان بوومەوە قوربانی تەڵاق بە تەڵاق .کۆرپەکەمیان لە باوەش خستم و ناردمیانەوە ماڵە بابم .دەیانکوت منداڵی کچمان ناوێ، ئەگە کوڕ با لەسەر چاومان دادەنا .

فریشتەی کچم پێنج مانگانە بوو . لووقمانی برام دڵی بە کچێکی دیکەوە بوو هەمان هەم ان نەقڵەکەبوو .بابم فریشتەی لەسەر لانکەی بۆ کاکم بەژن دا .هەر سەیر بوو دەڵێی من دایکی ئەو کچەی نەبووم .هەر نەیانکوت ڕازی؟ ڕازی نی؟ هەر هیچ !

فریشتەی جوانم بوو بە سێزدەساڵ .بۆ جوانی تای نەبوو .دڵداری بۆ ئەو مانای نەبوو .کە بوو بە شازدە ساڵ، کابرا هاتە داوای .فریشتە بەو وەسڵەتە ڕازی نەبوو . هەر دوو لاقی لە کەوشێک کرد و کوتی ئیللا و بیللا بەو کابرایەی ڕازی نیم .دوو مانگ تێیدا شل و کوت بوون هەر ڕازی نەبوو، تا ڕۆژێک ئەو کابرایە لە ڕقان بە تاپڕی کوشتی و زگ سووتاوی کردم .

-ئەرێ لەیلا، لەیلا !باجە خەجیج لەگەڵ تۆیەتی .هۆشت لە کوێیە؟ ئەو ڕەنگ و ڕوویەت بۆ ڕۆیشتووە؟ !وەختی ئاڵبۆم چاولێکردن نییە .

بەخۆمدا هاتمەوە و وێنەکانم لە پشت پشتییەکان شاردەوە.

-هیچ نییە خوشکێ، تۆزێک ماندووم . گیانە باجە خەجیج، بەخشە هۆشم نەبوو.

-قەیدیناکە کچم، ئەرێ دەڵێم چۆنە مێردت نەکردۆتەوە؟!

◆ کوردستان حاجبی




Bawan Baban

## «ژوان»

ئەستێرەبەندان بوو. چرای گووندەواری دوور وەک گۆڕێک مۆمی لەسەر هەڵکرابێ دەبریسکانەوە. چون دوو گوڵەستێرە لە ئاسمان بەربووبێتنەوە لە سەر گردێک بە دیار ئاگرەکەوە دانیشتبووین. دڵنیا بووم دوایین شەوە لە شاخ دەیبینمەوە. ئەو لەوبەرەوە لەسەر تاتەبەردێک ئەژنۆکانی گرتبۆوە باوەش و وەک چاوەنۆڕی کەسێک بکات بێتە تەنیشتی تاتەبەردێکیشی خستبۆوە پەنای و بە ئاورەکە ڕامابوو و منیش لەمبەرەوە بێدەنگ گوێم بۆ ڕادێرابوو. بە حەسرەتەوە دەیگوت دوایین ژوانمان لەسەر گردێکی وا لە نزیک گوندەکەمان بوو. گڕی ئاگرەکە لەسەر ڕەشێنەی چاوی سەمای دەکرد و نیگا و تێڕامانی منی وەک پەپوولەیەک بۆ  کوورایی چاوەکانی ڕادەکێشا. گەرمی گێڕانەوە و سەمای بڵێسەی ناو چاوەکانی هێدی هێدی دەیبردمە نیگایەوە:

"پێمگوت تۆ نابێ بێیت. ئەمە قەدەری منە  نەوەک تۆ. من ئەگەر بگیرێم حوکمم بەسەردا دەدەن بەڵام کەس حەقی بەسەر تۆوە نیە. پێمگوت مەیە. بیر لە دۆخی بنەماڵەکەمان بکەرەوە دوای ڕۆیشتنی خۆمان. پێمگوت مەیە! دواجار هەمووان وا بیر ئەکەنەوە تۆم هەڵگرتووە. پێمگوت مەیە ئەمما هات. پێمگوت ئەوێ بۆ تۆ نابێ بەڵام هەر هات!...

لەوێ تەنها ماوەی پەروەردە پێکەوە بووین. دوای ئەو ماوەیە، کە سووسەیان بە خۆشەویستیمان کرد بڕیارەکانی حیزبیش وەک تەڵاقەکەی باوکم ئێجگار لێکیداباڕاندین. ئەو کەوتە سنوورێک و من کەوتمە سنوورێکی دی. هێندە لێکدوور کەوتینەوە هەتا خەیاڵیش هەتەری نەدەکرد. هاوڕێکانم جارجارێ هەواڵێکیان بۆ دەهێنام. هەواڵەکانی جارجارێ خەبەرێکیان لەو کوێستانە دوورەدەستە دەهێنا. چەند ساڵێک هەر بەوە قنیات بووم. چەند ساڵێک دڵخۆشیم  هەر ئەو هەواڵانە بوو لەوەوە دەگەیشت. ئەو چەند ساڵە دڵارامیم تەنیا ئەوە بوو کە زیندووە و دەژی. هەتا دوای دوو ساڵ شەوێکی وەک ئەمشەو خەبەریان دامێ کە لە ئۆپەراسیۆنێکدا دوایین ژوانیشی لەگەڵ نیشتماندا بەستووە ...من لە ژواندا دووجار عەشقم کوشت"

تەزوویەکم بە لەشدا دێ. ڕادەچڵەکێم و بە ئارامی لە نیگای ئەو دێمە دەرێ. لە ناو گڕی نیگای دێمە دەرێ و دوو دڵۆپە فرمێسک لە سەر گۆناکانی نیگای منیش تەڕ دەکەن!

◆ موحسین سوبحانی

**تێبینی:**
خوێنەرانی بەڕێز، ئەم چیرۆکانەی خوێندتاننەوە بەرهەمی "کارگەی چیرۆکی بێسنوور" بوون ـ لە تێلێگڕامدا ـ کە زۆربەیان لە ماوەی چەن ڕۆژ و بۆ سووژەی حەفتانەی کارگە نووسراون. هەر کەموکۆڕییەکیان هەبێ، چ لە ڕووی زمان و داڕشتنەوە، چ لە ڕووی ناوەرکەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئامادەکارانی ئەم حەفتەنامەیە بەپێویستییان نەزانیوە هەڵەبڕییان بۆ بکەن. چوونکە چیرۆکەکان کارگەیین و باش وایە قۆناخەکانی گەشەی ئەزموونگەرانەی نووسەران وەک ڕەوتێکی مێژوویی، بێ دەسکاریی بەرهەمەکانیان، وەک خۆی بمێنێتەوە. واتە کەموکۆڕییەکان پێوەندیی بە ئاستی هەنووکەیی نووسەرانەوە هەیە و لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا، بەرهەمە نوێیەکانی ئەو نووسەرە بەڕێزانە، بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمەکانی پێشوویان، دەکرێ دەرخەری کاریگەرییەکانی کارگەی چیرۆک بێ.

## کلێشەی یاساکانی خاڵبەندی و تایپ و مەرجە زمانەوانییەکانی بڵاوکردنەوەی چیرۆک لە چیرۆکەڵەدا:

١ ـ لە سەرسەرەوەی ئەو دەقەی دایدەنێن بنووسن کە ئەوە "چیرۆک" ـە، "کورتە چیرۆک" ـە، "کورتیلە چیرۆک"ـە یان چییە!
٢ ـ حەتمەن ناوی چیرۆکەکەتان بنووسن، نەشتان نووسی، دەتوانن هێمایەک شتێک لەبری ناوەکەی دابنێن.
٣ ـ حەتمەن هەڵەی تایپی کارەکانتان چارەسەر بکەن!

٤ ـ تا ئەو جێگایەی لە توانای خۆتان دایە ڕێزمان و ڕێنووسی کارەکانتان درووست بکەن.
٥ ـ لە خاڵبەندی (ئاداتی نیگارشی) هەڵە و بێ جێ، کەڵک وەرمەگرن، مەگەر ئەوەی پاساوێکی تکنیکیتان بۆ بەهەڵە بەکارهێنانی خاڵبەندییەکانتان هەبێ. بۆ نموونە: لە تێکستەکانتاندا لە سێ نوقتە زیاتر ....... هەڵەیە، بێ مانایە؛ مەگەر بە مەبەستی جێخاڵی (بۆشایی بۆپڕکردنەوە) بەکاری بێنن! دووخاڵبۆڕ (نوقتە کاما) یان سێ خاڵبوڕ، یان زیاتر، پێکەوە، هەڵەیە! وەک ئەمە: ؛؛؛؛؛! کۆتایی ڕستەکان پاڕاگڕافەکان نوقتەیان دەوێ! بۆڕ (کاما) لە زمانی کوردی دا زۆر گرنگە، چوونکە پێکهاتەی زمانی کوردی وایە، واتە شێوەڕستە (ڕستەی نیوەچڵ) ـی زۆرە و ئەگەر بە بوڕ و خاڵبۆڕ ڕستەکان لێک جیا نەکەینەوە بەدحاڵیبوون دێتەگۆڕێ. هێمای پرسیار(؟) بۆ ڕستەی سەرسوڕمانی، هەڵەیە. واتە هێماکانی پرسیار و سەرسووڕمان [!؟] لە جێی خۆیان بەکار بێنن، مەگەر ئەوەی ڕستەکە هاوکات هەم پرسیاری بێ، هەم سەرسوڕمانی. هێمای سەیر و سەمەرە و بێ مانای دیکە بێ هۆکار و بێ پاساو بەکار مەهێنن بۆ نموونە: ◌̆◌̄ ◌̄ ◌̆◌́ ◌̄,,,/ ستیکێر یان ئەنیمەیشێن بەکار مەهێنن.

٦ ـ کاتێک دیالۆگ بۆ چیرۆکەکانتان دەنووسن بە هێمای تەقەڵ (خەتی تیرە) و لە سەرەتای ڕستەدا دیالۆگەکە دەست پێ بکەن، بۆ نموونە:
ـ تکایە تێ بگەن، ئەوە زۆر گرنگە.
ئەم هێمایانە بۆ سەرەتای دیالۆگەکان هەڵەن: [+ : < = ⁕]
٧ ـ ئەگەر لە کاتی دیالۆگ نووسێ دا گوتم، گوتت، گوتی (وتم، وتت، وتی/ ئێژم، ئێژی، ئێژێ) ـیت نووسێ پێویست ناکات تەقەڵی بۆ دیاری بکەی. تەنیا بە گیوومەی سەرەتا و کۆتایی قەوارەی دیالۆگەکانتان دیاری بکەن. بۆ نموونە:
لەکاتی دیاریکردنی یاساکان پێم گوتن: "دیالۆگ ئاوا دەنووسرێ!"

ئاوا هەڵەیە:

گوتم:

- جوان سەرنج بدەن! (واتە هەم دوو نووقتەی سەریەک و، هەم بۆر، پێکەوە هەڵەیە)

ئاوا درووستە:

گوتم: "جوان سرنج بدەن!"

هەروەها تەقەڵەکانیش لە سەرەتای دیالۆگەکان جیابکەنەوە.

-ئاوا نا!

- ئاوا!

-- ئاواش هەڵەیە، دوو تەقەڵ (--) بۆ سەرەتای دیالۆک درووست نییە. دەبێ یەک تەقەڵ بێ (-).

٨ - لەزمانی کوردیدا دوو بزوێن بەدوای یەکدا هەڵەیە. بۆ نموونە ئەم وشانە هەڵەن: کۆێڕا، کۆوا، کۆێ، کۆێم... ئاوا درووستن: [کوێڕا، کوا، کوێ، کوێم...]

٩ - ئاهـ یش ئاوا دەنووسرێ: ئاهـ نەک ئاوا: اه [ لە زمانی کوردیدا "ئا" ئاوا نانووسرێ: "ا". ئەوەش "ە" ئەیە، نەک هێ. هێ ئاوا دەنووسرێ "هـ"]

١٠ - ئەم (;) نوقتە کۆمایە (خاڵبورە) بۆ تەختەکلیلی ئینگلیسییە، نەک کوردی، زۆرکەس ڕەچاوی ناکات، لەکاتێکدا ئەم خاڵبەندییانە زۆر گرنگن و دەبێ زۆر گرنگیان پێ بدەن.

- ئەم بۆر و خاڵبۆڕانە هەڵەن: , ;

- ئەمانە درووستن: ؛ ،

١١ - تکایە هێمای سەرسووڕمان و پرسیار و نوقتەکانیش (خاڵەکانیش) بە سەرەتای ڕستە نوێیەکانتانەوە مەنووسێنن. بۆ نموونە:

- من ڕۆیشم.تۆ هاتی (ئەوە هەڵەیە)

- من ڕۆیشتم. تۆ هاتی (ئەوە درووستە)

- من برۆم؟!تۆ لێرەبی؟! (ئەوەش هەڵەیە)

- من برۆم؟! تۆ لێرەب؟! (ئەمە درووستە)

١٢ - ئەم خاڵانە و کۆمەڵێک خاڵی دیکە، کە ئەگەر تەنیا سەعاتێک کاتیان بۆ تەرخان بکەن و لە ئینترنێتدا سێرچ بکەن، زۆر هەڵەی نووسین و ڕێزمان و ڕێنووستان چارەسەر دەبێ.

تێبینی: ئەو کەسەی ئەم تایبەتمەندییە گشتییانە ڕەچاو نەکات، لە چیرۆکەڵەدا چیرۆکی بۆ بڵاو ناکرێتەوە. ئەو خاڵانەش وا باس کران "سەلیقەیی و مەندەراوردی" نین بەڵکوو یاسای گشتین و وەک چۆن بۆ لێخوڕی ماشێن دەبێ یاساکانی لێخوڕین بزانین و ڕەچاویان بکەین، بۆ نووسینیش دەبێ ئەو یاسایانە بناسین و، بۆ ئاسان خوێندنەوەی دەق (لێخوڕینی دەق) لەلایەن خوێنەرەوە دەبێ ڕەچاویان بکەین. بەوهیوایەی نووسەرانی کوردیش وەک وڵاتان گرنگیی زیاتر بە ڕواڵەت و پرستیژی کارەکانی خۆیان بدەن!




Harem Sewaisi

# بە تامترە چیرۆک

**بەستەڵەک:**

کارمەندێکی بێهداشت گێڕایەوە: لە بەغدا منداڵێک بە نەخۆشیی شەپلە (ئیفلیجی) تێداچوو. دەستوور هات لێرە هەموو منداڵانی شار و دێ، دڵۆپی بەرگری ئیفلیجییان بدرێتێ. کارمەندانی بێهداشتمان کردە سێ چوار تیم و وەنێو کووچە و کۆڵانانمان خستن. لەو سەرودەمەدا تازە دەستووریش هاتبوو بە خەڵک بڵێین "خوێی وێددار" بخۆن. کوتمان فرسەتە با هەر ماڵێک سەرمان پێدا کرد بەستەیەکی بوچکەڵانەشی خوێی وێددار بدەینێ و بڵێین ئەوجار لەوە بکڕن. لە درگای هەر ماڵێک دەدرا دووسێ دڵۆپ دەوای شەپلە لە زاری منداڵەکەیان دەکرا و بەستە خوێیان وێ دەدرا و فێریان دەکردن وێد چەند بە باشە.

ڕۆژێک بەیانی زوو ژنێک زەنگی لێدا بۆ ئیدارە. کوتی: کاکە ئەو بێهداشتانە هاتن دڵۆپەکەیان لە زاری ئەو منداڵەی کرد، پۆترە سوێرەکەیان بۆخۆیان نەدایە، ئەوە لە دوێنێوە تێیدا شەل و کوت بووین نایخوا و نایخوا!

**کامیل یاغیانی:**

شەوێکی لە زێدی پیرۆزی مامۆستا ڕاوچی لە ساردەکوێستان، میوان بووین. سەلیمی کوێخا سوارە پیاوێکی نوکتەزان وقسەخۆش سەرەی مەجلیسی گرتبووە دەست، کوتی؛

لەگەڵ ڕەحمان تافی لاویمان بوو، ئەو دڵی بە خێزانی ئێستاوەی بوو نەیاندەدایە. ڕۆژێک هات و کوتی: مام سەلیم دەبێ بوم بچیە خوازبێنی، مادام حەمەمەلا لەگەڵ تۆ بەینی خۆشە بەشکم ڕازی بێ و گرێی بەختم بە دەستی تۆ بکرێتەوە. نەهار خورا و بابم ڕۆیی. ڕحمان کوتی: وەرە با بڕۆین، ئێستا گوڵێ قاپ و قاچاغان دەشوا، بزانین چ خەبەرە، کوتم کورە تووشی کەتنێکمان دەکەی، دانیشە بۆ کوێ!

من زۆرم کوت ئەو کەمی بیست، ناچار ڕۆیشتین. ماڵی بابی گوڵێ کەوتبووە ئەوپەڕی دێوە، ڕووبەری شۆرکەی نێو ماڵەکەیان کۆلانێکی تەنگەبەر بوو. کە گەییشتینێ نارەی گۆرانی گوڵێ دەهاتە گوێ؛ هاتەوە هاتەوە تەیرەکەی گەرمێنێ...

ساردی پاییز بوو، جا زوو چۆن پەنجێرە و شتی وا کەم بوو و خەڵکیش نەدار بوون دەلاقە و ڕۆچنەیان بە چوارچێوەیەک لە دار و دڵق دەگرت و دوایە بە قوڕە سوورەیەکی ئەستوور دەورەکەیان سواغ دەدا بۆوەی نەفەس نەدا.

دلاقە گیرابوو ڕەحمان دڵقەکەی دڕاند سەری بە زۆری خستە ژووری. چیت لێ وەشێرم! شەقەی ماچێکم گوێ لێ بوو، ئەگە ئاورم داوە ئامۆزایەکی گوڵێ ئەوە بەرەو ئێمە دێ، کورە ڕەحمان دینت دەگێم هەڵێ گیراین! من هەلاتم و ڕەحمان بە شوێنمدا، کە ئاورم دەداوە ڕەحمان سەری لە عەرز و قونی لە حەوایە، هەر دەکەوێ و نوقمی تەپوتۆز دەبێ و هەڵدەستێتەوە، ئەی خودایە ئەوە بۆ وایە؟!

لە قەراخ ئاوایی خۆمان بە باخچەیەک داکرد و بە سەد ئامان و دامان خۆمان بزر کرد، دوو شۆڕەسوار بە هەناسەبڕکێ یەکمان گرتەوە. ئەگە چاوم لێ کرد ڕەحمان دەلاقەی بە هەشت نۆ دە کیلۆ قوڕەوە لە مل دایە، جا وەرە پێ بکەنە! کوتم: براله، گای وەک تۆ چەڵەمەی ئاوای هەر دەوێ!

**عەبدوولّلا ئیسماعیلی:**

چوار ساڵ لەوەپێش چووبوومە ماڵە خاڵم لە بۆکان. بەیانی کە خەریکی خواردنی نان و چایی بووین هاوسێیەکی ماڵە خاڵم فەوتی کردبوو. لەگەڵ خاڵم بۆ ناشتنی سواری ماشێنەکەی بووین و سێ کەس لە جیرانەکانیش سواربوون. خاڵم دەندەی کێشا و وەڕێ کەوتین، کوتی: عەولّا ئە ئەوەی پێچەکەی لەسەرە درۆی عەجیب دەکا. دەیکوت ساڵێک وەرزی زستان ئەوەندە سارد بوو پشیلەیەک لەسەر دیواری ئەوبەری کوچە خۆی هاویشتبووە سەر دیواری ئەوبەری کوچە، بەڵام لە نێوەڕاسترا بە هۆی سارد و سەخڵەتی دەیبەستێ و لە حەوارا بەردەبێتەوە! ئەمنیش کوتم: جا ئەوە چییە! [پێشتر درۆیەکیان بۆ گێڕابوومەوە، وامگێڕاوە کە ئی خۆمە] کوتم: ساڵێک لەگەڵ هاوڕێیەکم بۆ ڕاو چووبووینە نێو قامیشەڵانێک. کە چووینە قووڵاییی قامیشەڵانەکە گوللەمان زۆر هاویشتبوو و لێمان خەڵاس ببوو. لەپڕا لەگەڵ چەند ورچان بەرەوڕوو بووین. چارەمان نەما بە هاوڕێیەکەم کوت: خورماکان بخۆ و دەنکەکە لە تاپڕەکەت نێ و پێیانەوەنێ. وامان کرد و ورچەکان هەڵاتن. جا ئەوە سەیربوو کە ساڵێکی دی کە چووینەوە بۆ ڕاو هەر دارخورما بوو هەڵدەهات! ئەو دەنکە خورمایانە کە پارەکە بە ورچەکانمانەوە نابوو چووبووە لە بەدەنیانەوە شین ببوونەوە و ببوونە دار خورما لەسەر پشتیان! کە ورچە هەڵدەهات وات دەزانی دارە هەڵدێ .

کابرای بۆکانی وادەکا؛ کامحەممەد ئەوە کێیە؟! بەخوا دەستی تەواوی درۆزنانی لە پشتەوەڕا بەست!

**قەڵاوڕیحانە:**

ژنخوشکم کچۆڵەیەکی خوێنشیرینی هەیە، معەللیمەکەیان ئینشای پێ دابوون "نعمتهایی کە خدا بە شما دادە را بنویسید"؛ ئەویش پێدا هاتبوو و ڕیزی کردبوون: بابم، دایکم، یەک دانە بابەگەورە، دوو دانە دایەگەورە، پوورم، خاڵم، مامم، دەست و گوێ و لاق و ...؛ لاپەڕەیەکی پڕ کردبۆوە و سازی کردبوو بۆ سبەینێ. نیوەڕۆ میوانیان بووین. لەسەر سفرە خێزانم لێی تووڕە بوو و کوتی: وەرە پێشێ لە سفرەکە. ئەویش هەر هەستا و کوتی: بۆ لێم تووڕە دەبی پێت وایە من ناتوانم عیلاجت کەم! هەڵاتە دیوەکەیەوە. داخودا کوتمان چ دێنێ لە تەپڵی سەری ڕادەکێشێ! نەخێر بە دەفتەرە بۆر و پاکوونێکەوە گەڕاوە؛ هەر لەسەر سفرەکە نەغد "پوورم"ی پاک کردەوە و کوتی: ئەئاوات لێ دەکەم چاکە!

**گوڵەجۆ:**

لە سەرەخۆشییەک بووم. هەر لە دەرکی مزگەوتەکە ئاودیو بووم سواڵکەرێک دانیشتبوو. لەگەڵ من پیاوێکی بەساڵداچووش گەییشتە حاستی کابرا. سواڵکەرە کوتی: خودا مەئیووسی دنیا و قیامەتتان نەکا. کابرا لەبەر خۆوە کوتی: جارێ ئەوە مەئیووسی دنیای کردووین و چ وێناچێ لەودیویش حاڵی قوونمان لەوە خۆشتر بێ!

**ئێمپراتۆر:**

خودا عافوویان کا، کاک سمایل و کاک مستەفا، دوو پیاوی ژیر و ئاقڵی یەکێک لە گوندەکانی ناوچەی "چۆمی مەجیدخان" بوون بەڵام بۆ کاری مووچە و مەزرا زۆر تاریفیان نەبوو. هەر بەو هۆیە سوڵتاناغا پێی کوتن: ئیدی مەیەن بۆ کار و بڕۆنە دێیەکی دیکە چ دەکەن بکەن!

ئەوانیش دەچنە گوندێکی دیکە و دەچنە لای کاکاغا داوای کار دەکەن.

کاکاغا دەپرسێ: ئێوە ڕۆژێ بە چەند کار دەکەن؟

ئەوکات کاریگەر ڕۆژانە بە شێست تمەن کاریان دەکرد بەڵام بە خاتری ئەوەی کاریان پێ بدا دەڵێن: قوربان ڕۆژێ  بە چل تمەن کار دەکەین.

کاکاغا کە زۆری پێ هەرزان دەبێ دەڵێ: ئەگەر سبەینێ هاتنەوە بیست کاریگەر لە گوندی خۆتانڕا بێنن کاری دوو مانگم هەیە.

سبەینێ ئەگەر دێنەوە هەر دووبەدوون.

کاکاغا دەڵێ: مستەفا! ئاخە نەمکوت بیست نەفەر لەگەڵ خۆتان بێنن دەی بۆ هەر بە تەنیان؟

کاک مستەفا دەڵێ: بەخودا ئاغاگیان ئەو دێیە گەڕاین کەسی لە ئێمە کەرتر  تێدا نەبوو!


- سەرچاوەی ستوونی "بەتامی چیرۆک: "کاناڵی تێلێگرامی "با قسەی خۆش ون نەبێ"


چیرۆکەڵە

چیرۆکەڵە

چیرۆکەڵە





چیرۆکەڵە



چیرۆکەڵە

چیرۆکەڵە

چیرۆکەڵە

چیرۆکەڵە

چیرۆکەڵە

چیرۆکەڵە

چیرۆکەڵە

چیرۆکەڵە

تایبەتنامە-ژمارە ١
چیرۆکەڵە

چیرۆکەڵە

تایبەتنامە-ژمارە ٢
چیرۆکەڵە

چیرۆکەڵە

چیرۆکەڵە

چیرۆکەڵە

چیرۆکەڵە

چیرۆکەڵە